# گەورەترین رابەرو بیرمەندی کۆمۆنیستی سەردەم جیٚ ی هیشتین!

گیان لەدەستدانی ناوادەی ژوبین(منصور حکمت)ی ئازیز لە 4ی ئەم مانگەداو لەتەمەنی 51 سالّیدا بۆ هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق وئیران و هەلسوڕاوانی کۆمۆنیستی چاوەروان نەکراوو بوو،لە بیری هیچ کام لە ئێمەدا نەبوو (منصور)ی ئازیز لەم کاتەداو ئاوا زوو جیٚمان بیٚلیٚ و مەراسیمی مالئاوایی یەکجاری بۆ بگرین، بەلام بەداخیٚکی زۆرەوە ئەمە بوو بە واقع، بوو بە میٚژوومان،میٚژویەکی تالّ و هەرگیز لەبیر نەکراو.

لە لیٚدان کەوتنی دلّە گەورەو ئینسانیەکەی منصور حکمەت،وەکو ڕابەر و بیرمەندی کۆمۆنیزمی کریکاری سەردەم  و قیبلەنومای بزوتنەوەی رووڵەپیٚشی دوبارەی مارکسیزم و کۆمۆنیزم لە ناوچەکە و دنیادا خەسارەتیٚکی ئیٚکجار گەورەو پرنەبوەوەیە.

ئەگەر مارکس و ئەنگلس سۆسیالیزمیان لە سۆسیالیزمی خەیالی و وردەبورژوازی دەرهیٚناو مانفیستی کۆمۆنستیان وەکو ناسنامەی کۆمۆنستەکان و بۆ رزگاری چینی کریکارو بەشەریەت لە پەیوەندی زالمانەی سەرمایەداری نووسی.ئەگەر لینین رابەری شۆرشی ئۆکتۆبری کردو ئالوگۆری بەسەر جغرافیایی سیاسی دنیادا هینا و بەکردەوە نیشانیدا کۆمۆنیزم پیٚداویستیەکی عەمەلی و ممکنە.منصور حکمەتی ئازیزیش لەنزیك بە دوو دەیە و نیوی رابردوودا جگە لە دەوری رابەری و پیکهینانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران و عیراق لە جەرگەی هیرشی راست و چەپی بۆرژوازی بۆ سەرکۆمۆنیزم و مارکسیزم و تەحەزوبی کۆمۆنیستیدا، هاوکات، کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی کریکاریی، کۆمۆنیزم سۆسیالیزمی مارکسی لە سۆسیالیزمی درۆینەو غەیرەکریکاری کە لەسەر کەلاوەو میراتی شکستی بلۆکی شەرقدا ئەیانویست کۆمۆنیزم و مارکسیزم بەشکست بکیٚشن جیاکردەوە، بەرنامەی دنیایەکی باشتری وەکو مانفیٚستی سەردەم خستە بەردەم بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری و چەندین ئیزافەی تری خستە سەر مارکسیزم.

منصور حکمەت لەکاتیکدا دلّە گەورەکەیی ومیٚشکی لە بیرکەوتنەوە کەوت ،کە هەردوو حزبی کۆمۆنستی کریٚکاری ، قوتبی رادیکالیزم و ئینسانیەت،وە هەموو ئەو ئینسانانەی چاوی ئومیدیان بریبوە دنیایەکی باشتر لە ناوچەکەو دنیادا،زۆر پیویستیان بەدەوری رابەری ئەو هەبوو،منصوری ئازیزیش زۆر کاری گەورەترو پرسەمەرتری لە بەرنامەدا بوو بۆ کۆمۆنیزم و ئینسانیەت، بە تەئەسوفیکی زۆرەوە مەرگی ناوەخت لەوە زیاتر بواری نەدا.

گیان لەدەستدانی منصور حکمەت، ئیمەی وەکو رابەری هەردوو حزبی کۆمۆنستی کریکاری عێراق و ئیٚران لەبەردەم زۆر ئەرکی حەساس و میژووی سەردەمدا داناوە ، تاکە ریٚگای کەم کردنەوەی کاریگەری ئەم زایعە گەورەو میژوویە،تەنها لەگرەوی بەدەستەوەگرتنی بەرنامەی یەك دنیای باشترو ریبازی رزگاری بەخشی ئەودایە بۆ بەشەریەت، لە گرەوی پراکتیکی کۆمۆنستی و کۆمەلایەتی هەموو رۆژەی ئەو سەرمایە سیاسی و فکری و سونەتە رابەرایەتیەدایە،کە بۆدیاری کردنی سبەینی و  دنیایەکی باشتر،خستویەتە بەردەمان و بۆی جی هیشتوین.با هەمووەمان بە ورەیەکی بەرزترەوە ئالای بەرەو پیش بردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری بەرزو بەررزتر رابگرین.

بە بەجیٚگەیاندنی ئەم ئەرکانەو لەدەست نەدانی فرسەتەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی و بنیاتنانی جمهوری سۆسیالستی،ئازەر و منالە ئازیزەکانی وە تەواوی خانەوادەی (ژوبین)و ئازیزانی لەئامیزی میهرەبانی ئەگرین.

بژی کۆمۆنیزمی کریٚکاری ی!

بژی منصوری حکمەت!

عبداللە مەحمود

002/7/12ٍ